## خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی:

# (پرسیارەکانی شیعر)
# لەمەڕ بزاوتی داهێنان و
# کامڵبوونی تازەگەری و مردنی




و: عیسا چیایی

ئەم کتێبە پێکهاتووە لە (228) لاپەڕەو (دامەزراوەی عەرەبییە بۆ لێکۆڵینەوەو بڵاوکردنەوە ساڵی 1979 چاپی یەکەم) چاپ و بڵاوی کردۆتەوە، لە پێشەکییەکدا کە خودی مونیر ئەلعکش نووسیویەتی، خوێنەر دوای خوێندنەوەی پێشەکیی ئەم کتێبە هەستدەکات ئەو خۆخەریککردنە، ئەو مشتومڕە، ئەو تێڕامان و قوڵبوونەوانەی کە لێرەدا بۆ شیعر کراوە، هیچ لەو هەوڵانە کەمتر نییە کە لە وەرچەرخانە شارستانییەکانی دنیادا بۆ هەر ڕەهەندێکی تری وەکو (فەلسەفە، ئاین، ئایدیۆلۆژیا، یان هەر خەریکبوونێکی تر..) دەکرێ، یان

کراوە..

دوای ئەوەش چوار دەروازەی بەدوادا دێ کە ئەمانەن:

1.زمانی شیعری.

2.گەڕانەوە بۆ سەردەمی قاتوقڕی.

3.بزاڤی داهێنان و بەدەنگەوە هاتن.

4.نەگۆڕ لە شێوەی گۆڕاودا.

ئەو چوار دەروازەیەش هەریەکەیان وەکو پێشەکیی، ڕێگە خۆشکردن، یان خۆئامادەکردنێکن بۆ ئاراستە کردنی ئەو پرسیارانەی کە نووسەری ئەم کتێبە لە چاوپێکەوتنێکی هەمەلایەنەی چڕو پڕدا ئاراستەی حەوت شاعیری عەرەبی (هاوچەرخی ئەوکاتەی) دەکات. کە ئەم شاعیرانەن:

(مەحمود دەروێش، ئەدۆنیس، یوسف لخال، بلّند حەیدەری، نزار قەبانی، بەدەوی جەبەل‌و عەبدولوەهاب بەیاتی.)

لە یەکەمین دەروازەدا (زمانی شیعری)، دوای باسکردنێکی پوختی زمانی عەرەبی و پەیوەندیی ئەم زمانە دەستنیشان دەکات بە خەڵکەکەیەوە کە دەڵێ: (هیچ زمانێك نیە ئەوەندەی زمانی عەرەبی دەسەڵاتی بەسەر خەڵکەکەی خۆییەوە هەبێ، چونکە لە سەردەمی پێش ئیسلامدا ئەم زمانە زمانی شیعر بووە، لە هاتنی ئیسلامیشدا دەبێتە زمانی ئاین، لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسیشدا یەکدەگرن، لەوکاتەوەو تائێستاش ئەم زمانە بۆتە زمانی ئەدەب و شیعرو نووسین و ئاگادارکرنەوە سەربازییەکان، چواردە سەدەیەو زمانی عەرەبی لە بەرزاییەوە دەنواڕێتە خەڵکەکەی خۆی، کە ئەوان لە نزماییەوەن) ئەم ڕوونکردنەوە ئەگەر ڕەخنەش نەبێ لە ئێستا (ئێستای ئەوکاتە) ئەوا گلەیی و ناستالۆژیایەکە بۆ سەردەمێك کە زمانی عەرەبی زمانی هەمووان بووە نەك بۆ هەڵبژاردەیەك، بەڕەخنەوە ئەو ڕاستیەش دەدرکێنێ کە ڕۆشنبیریی عەرەبی دوورە لە ژینگەی ڕاستەقینەی خۆیەوە تا ئەو ئاستەی کە بڵێ: (ئەو رۆشنبیرە عەرەبانەی کە زۆر گرنگی بە تازەگەری دەدەن بەشاعیر و پەخشاننووسەوە، لە ڕوانگەیەکی ئیستیشراقییەوە مامەڵە دەکەن)، زۆر گریمانەی سەیرو کۆن دەبزوێنێ وەکو: (دوور نییە زۆر شتی تر هەبووبن کە لە زمان زۆرتر سوودیان دەبەخشییە شیعرو ئەو گۆڕانکارییانەی دنیا بەقورسکردنی تای تەرازووی زمان کۆتاییان پێهێناوە) کۆتایی ئەم ڕوونکردنەوانە بەهاوکێشەیەکی بەیانی دێنێ لەنێوان شیعری (سەعید عەقل و نزار قەبانی و سەیاب)دا کە ئاستی شاعیریی هەر یەکەیان لە وەڵامی (نا، زۆرکەم، کەم، زۆر، زۆر زۆر)دا خۆی دەبینێتەوە، ئەم فۆرمەش خراوەتە بەردەستی چەند کەسێکەوە کە لەڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و تەمەنیشەوە هەمەجۆرن، دەکرێ لە کۆتاییدا وەکو بەرچاوەیەکی پوخت بۆ (خوێنەری شیعری عەرەبی) پشتی پێ ببەسترێ کە ئەمانەن: (شاعیر، قوتابی 1، قوتابی 2، قوتابییەکی کچ، پیرەمێردی 1پیرەمێردی 2، ژنی1، ژنی2، کچێکی هەرزەکار، زمانزانێك، دیندارێك)، لە ئەنجامی ئەم ئامارەوە زۆر شتی سەیری بۆ دەرکەوتووە، کە لە حاڵەتی ئاساییدا دەکرێ بزانرێ، بەڵام لێرەدا ئەو بەزمانی ئەو جەماوەرە دەریان دەبڕێ..

لە دەروازەی دووەمدا (گەڕانەوە بۆ سەردەمی ئینحیتات) بەپرسیارو نیگەرانی و گومانەوە باس لە ئەزموونی سەلیم بەرەکات و ئونسیلحاج و مەحمود دەروێش دەکات، کە سێ ئەزموونی جیاوازی شیعری عەرەبین، گومانەکانی لەبارەی زمان و شێوەشەوەیە، وەکو: (دانانی هەر وشەیەك لەچامەیەکدا، دوولایەنە ورووژان دروست دەکات لایەنی بینین کە لە تێکەڵ بەوشەکانی تری چامەکەوە شێوەیەکی ئەزموونی تازەی لێ بەرهەم

دێ. یادەوەریش لێرەوە ئەو وشەیە دەقۆزێتەوە هەوڵ ئەدا بوونێکی جیاوازی پێ ببەخشێ لەگەڵ ئەوو وشەکانی تردا) یان وەکو دەڵێ: (لەم شێوانەدا یەکێتییەکی ڕووکەشی درۆزنانە هەیە کە زۆر نابا خوێنەر هەست بە هەڵوەشانەوەیان دەکات). هەر لەتوێی ئەم ئەگەرانەدا دەڵێ: (لەنێوان ئەوانەدا (دەروێش و بەرەکات) گەڕانە تا قوربانیانی بیرکردنەوەکانیان ببینن کە لە قوربانیانی جەنگ گەورەتربوون) لە باسی گۆڤاری (شیعر)یشدا، دەڵێ: ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەیکردن زۆر لە توانای داهێنانەکانی خۆی گەورەتربوون، یان لەبارەی شێوەو ناوەڕۆکەوە دەڵێ: (شێوەش لە دیدێکی فەلسەفییەوە یەکێکە لە توندوتیژترین لایەنەکانی میتافیزیکا، چونکە دەرکەوتنی ناوەڕۆك دەرکەوتنی پێکهاتەی جیهانی مرۆڤایەتییە بەوردترین شتە شاراوەکانییەوە، بەپشتبەستن بەم ڕاستییەش بەتاڵکردنەوەی هەر شتێك لە مانا میتافیزیکییەکەی کوشتنی ناوەڕۆکەکەیەتی، هەڵوەشاندنەوەیەکە بۆ ئەو پەیوەندییە گەرموگوڕەی کە لەنێوان هەر وێنەیەك و ماناکەی دایە، چونکە بەبڕوای ئەو لەپێش ئاماژەوە هیچ بوونێکی ڕۆحی نەبووە. جیهان مانای ڕۆحی خۆی لە دروستبوونی یەکەمین ئاماژەوە بەدەستهێناوە، پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانی پێش دروستبوونی ئاماژە پەیوەندیەکی ئاژەڵی بوون) بەوەش: (وازهێنان لە ئاماژە لادانە لەو مانا ئینسانییە مەزنانەی کە دروستبوون.) بەنموونەش چەند وێنەیەك لە چامەی تازەی عەرەبی بەراورد دەکات بەدەقەکانی سەردەمی ئینحیتات، نمونەکەی (ئونسیلحاج) دەقێکی شیعرییە لەشێوەی پەخشاندا، کەچی دەقە کۆنەکان چەند شێوەیەکی پێشوەختەن و بەو شەپڕکراونەتەوە..

یان دەڵێ: (جوانترین شێوەش بۆ چامە ئەو شێوەیەیە کە خوێنەر نە دەیبینێ و نە بیریشی دەکەوێتەوە) لە پاش هەموو ئەمانە هەمان ئەو هەستە دەردەبڕێ کە زۆربەی نەتەوەییەکانی عەرەب لەبارەی شیعرەوە هەیانە کە شیعری عەرەبی کوێرانە لاسایی ئەزموونێکی (نەزۆك و بێهوودە)ی ڕۆژئاوا دەکاتەوەو تازەگەریش تازەگەرییەکی ساختەکاریانەیەو دووبارەکردنەوەی ئەزموونە بەسەرچووەکانی ئەورووپایە، کە لەپای ئەوەشدا شیعر: (دەبێتە چاولێکەرییەك و بەهرەش بەبەندایەتییەکی دڵڕەق).

**بەشی سێیەم (بزاڤی تازەگەری و بەدەنگەوەهاتن)ی خوێنەر.. (استجابە)**

لێکۆڵینەوەیەکە بۆ شیعری عەرەبی، پیاچوونەوەیەکە بە شیعرو ڕەخنەی عەرەبیدا، هەر لە چوارچێوەی ئەم لێکۆڵینەوەشدا خوێندنەوەکان بەچاکەو خراپەوە گۆڤاری (شیعر) ی لوبنانی بەشیعرە ڕەخنەوە لە چەقی بابەتاکاندا دەبینرێن، بۆیە لە نموونەی شیعرەکاندا زیاتر شیعری ( ئەدۆنیس، یوسف لخال، ئونسیلحاج، یوسف ئەبیشەقرا... هتد) بەنموونە هێنراوەتەوەو ڕەخنەیان لێ گیراوەو لە بواری ڕەخنەشدا زیاتر باسی تێزەکانی (د.عیزەددین ئیسماعیل، جەبرا ئیبراهیم جەبرا، خالدە سەعید) دەکرێ. لە ڕاستیشدا هەر باس کردنێکی شیعری عەرەبی بەبێ ناوهێنان و باسکردنی ئەو قۆناغە بەباش و خراپەوە باسێکی کرچوکاڵو کەمتەرخەم دەردەچێت. مەبەست لەو قۆناغە، ئەو بیرکردنەوانە، ئەو چوارچێوە گشتیانە (ئەگەرچی شیعر چوارچێوەی نییە) کە ئەوان دایانهێنا لەبارەی کێش و سەرواو کێشی ناوەوەی شیعرو خەون و کرانەوەی شیعر بەسەر ژانرەکانی تری وەکو پەخشان و چیرۆكو شانۆنامەو وێنەی تەشکیلیدا و زۆر شتی تریش. وەکو وتم بەهەردوو دیودا یان ئەو تێزانەی کە ئەوان دایان هێنا و ئەمڕۆ لە جیهانی شیعردا باون، پێوەرەکانی ئەوان (ئەگەرچی بەکارهێنانی دەستەواژەی پێوەر بۆ شیعر دەستەواژەیەکی ترسناکە..) ئەمڕۆ بەپێوانەی شیعر دەزانرێن.

**بەشی چوارەم (نەگۆڕ لە شێوەی گۆڕاودا)**

یەکەم بابەتی ئەم بەشەش بەناونیشانی (تاك لە شێوەی کۆدا)یە، هەمووشمان ئەوە دەزانین هەردوو ناونیشانەکە لە ئەدۆنیس وەرگیراوە، ئەوەی یەکەم تێزیکی تایبەتی ئەدۆنیسە بۆ خوێندنەوەی شیعری عەرەبی،

دابەشبوونی ئاسۆی شیعرەکان بەپێوەری ئەدۆنیس کە چەندیان خاوەن ئاسۆیەکی جوڵاون، چەندیشیان نەجووڵاو، ناونیشانی دووەمیش ناونیشانی چامەیەکییەتی، ئەم بەشەیە هەروەکو دیارە تایبەتە بەو شاعیرەو خوێندنەوەیەکی جوگرافیی ئەو چامەیە.

کە چامەیەکی بیۆگرافیی ئەدۆنیسە هەر لە دیمەشقەوە تا بەیروت و پاریس و شوێنەکانی تریش، خۆی دان بەوەدا دەنێ شوێنەکانی ئەوروپا ئەوەندە بەلای ئەوەوە گرنگن کە لە ژینگەکەی خۆیدا هێزی گۆڕانکاریی پێ دەبەخشن، چونکە گۆڕانکارییەکانی ئەو لە پاریسدا نییە، گۆڕانکارییەکانی ئەو لە کەلەپووری عەرەبیدایە، لە کەلەپوورەکەی خۆیدایە، لە دیمەشق و بەیروتو بەغدادایە، لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەوی تردا ئەوانەی کە ئەویان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە (مەبەستی هەڵگرتنی رۆشنبیری و کولتوری. ئەو شارستانییەتانەی کە ئەمیان تیا دەژی) ئەمیان هەڵگرتووە (هەروەکو چۆن زەمین توێکڵی دەرەوەی خۆی هەڵگرتووە) منیر لعکش هەر لەم بەشەدا و لە تێبینییەکی تردا لە وێنەیەکی پێکەنیناویدا شاعیرانی ئەم بزاڤە بەو پیاوە دەشوبهێنی کە دەیەوێ باز بەسەر سێبەرەکەی خۆیدا بداو تێیپەڕێنێ.

لە دوابەشی ئەم بەشەدا کە ناونیشانێکی لقی هەڵگرتووە (دژایەتیکردنی مەرگ) بەبێ ئاماژەکردنێکی پێشوەخت لە ئەدۆنیسەوە دێتەسەر (مەحمود دەروێش) ئەزموونی ئەو بەو ئەزموونە دادەنێ کە لە پاش ئەو وەرگەڕان و گۆڕانکارییانەی بەسەر شیعرو فیکری عەرەبیدا هاتوون ئەو بێ هیواییانە (مەحمود درویش) ئەو هیوایەیە، ئەو نمونەیەیە کە هەمووان چاوەڕێیان کردووە.ئەو شاعیرەیە شیرازەی نێوان هەستی برینداری عەرەبی دوای ئەو هەموو شکستانەو ئەو شەپۆلانەی ڕاگرتووە کە بانگەشەی تازەگەری دەکەن..

لە زۆربەی چاوپێکەوتنەکانیشدا خۆی لە هیچ پرسیارێك لانەداوە، بەڵکو بەو پرسیارانە دەستی پێکردووە کە بەلای خۆی و خوێنەریشەوە خاڵی گومان و ئیستیفزازکردنی شاعیرەکەیە بۆ نموونە:

1.لە (مەحمود دەروێش) دەپرسێ: (بەڵام ئەی ئایا هەندێ جار جەماوەری شیعرەکانت لەخشتەت نابەن؟ ئایا تێکەڵیت بەجەماوەرەکەتەوە کار لە نووسینەکانت ناکەن؟ ئایا ئەم تێکەڵیانە، تەنانەت بۆ تەنها جارێکیش نەبوونەتە بابەت؟)

دەروێش زۆر بوێرانە وەڵامی دەداتەوە: پێویستە بزانیت کە قەناعەتی خۆم یەکەم و دوا پێوەری ئاستی داهێنانەکانمە، زۆر جاران ئەو شتانەی خەڵك خۆشی دەوێن من ڕازی ناکەن.. زۆرجاریش جەماوەر هەندێ کارم ڕەت دەکەنەوە کە من زۆر شانازییان پێوەدەکەم.. ڕاگرتنی شیرازەی نێوان ئەو دوو پێوەرە دەبنە مایەی میحنەتی شاعیر لەلایەك وبەختیاریشی لەلایەکی ترەوە. ئەوە خۆکوشتنی شاعیرە لەلایەکەوە و دڵدانەوەشیەتی لەلایەکی ترەوە.

2.لە (ئەدۆنیس) دەپرسێ: ( ئایا هەست ناکەی تۆ لە مەرزی شیعر دەرچوویت، لە مەرزێکی تردای کە هێشتا ئەم مەرزە ناونەنراوە؟)

کە لە وەڵامدا دەڵێ: (هەستدەکەم هەندێ قووڵایی هەیە من دەستەپاچەم لەوەی کە بەقسەکردن پێیان بگەم، هەستدەکەم شتێك لەپێشمدایە، نەزانراوێکە.. پاشەڕۆژە. من لەئاستیاندا سنوردارم، بەڵکو وا هەستدەکەم کە ئەمە شتێکی غەریزەییە لە مندا، بەڵێ هەندێ جار دەترسم ئەم غەریزەیە ببێتە عادەت، چونکە کە دەبێتە عادەت شێوەی مەبەست وەردەگرێ، ئەمەش ئەو شتەیە کە من نامەوێ) یان کە لەبارەی جنسەوە لێی دەپرسێ..: (ئەی جنس چییە؟)

وا وەڵام دەداتەوە: (جنس لە کرۆکدا گەڕانەوەیە بۆ یەکبوون. مرۆڤ دابڕاوە و هەمیشە ئارەزووی یەکگرتنەوە

دەكات جا ئیتر ئەو یەكێتیە لەگەڵ ژنێ یان لەگەڵ خاكدا ئەنجام بدرێ، جنس بەیەك گەیشتنە، یەكبوونە. هەر لەم خاڵەدایە كە مەرگ و جنس یەكدەگرن..)

یان لە وەڵامی ئەو پرسیارەداكە: (چۆن كرداری جنس لەگەڵ سروشتدا ئەنجام دەدرێ..؟) لە وەڵامدا دەڵێ: (جنس قووڵترین جۆرەكانی بەیەك گەیشتنە، چونكە پیاو سەرچاوەكەی خۆی لە ژندا دەدۆزێتەوەو وەكو بابەتێكی نامۆ بەخۆی نایبینێ، چونكە (لە كرداری جنسدا) ئەوی (پیاو) بەشەكەی تری، بەشە ونبووەكەی دەدۆزێتەوە.. .بۆیە كرداری جنسی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا مردن بوو، ئەگەرچی من زۆر ئارەزووی ئەوە دەكەم كە وەسێت بكەم بسووتێنرێم و لە خاكدا نەمشارنەوە، ڕەنگە ئەوەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە كە من دەمەوێ لەگەڵ زۆرترین بەشی جەستەی زەمیندا یەك بگرم (گەر بەسووتاوی پەخش بكرێم) كە لێی دەپرسی: (ئەی لەژیاندا.. چۆن ئەوە دەدۆزیتەوە كە پەرش وبڵاوت بكاتەوە یان ونت بكات.. ؟) لەوەڵامدا دەڵێ: (لەكرداری جنسدا، كە لەگەڵ ژنێكدا دەنووم و لە كرداری شیعریشدا)

3.لە گفتوگۆی نێوان (یوسف لخال) و مونێر لعكشدا، زۆر جار هێندە گەرم دەبێ لە گفتوگۆی نێوان مەلایەكی موسڵمان  و قەشەیەكی مەسیحی دەچێ.. بیرمان نەچێ یوسف لخال سەرنووسەری گۆڤاری (شیعر)ە، ئەو گۆڤارەش گۆڤارێكی ئاسایی نەبووەو بەیەكێك لە قوتابخانە گرنگەكانی شیعری عەرەبی دەژمێردرێت. یوسف لخالیش وەكو عەرەبێكی مەسیحی رابەرایەتیی ئەو شەپۆلەی كردووە. لە یەكێك لە قۆناغەكانی وەڵامێكدا ئەم ڕوونكردنەوەیە دەدا كە شایەنی لەسەر وەستانە: (لە باشیی بەختی مەسیحیەتدا ئەوانەی كە ژیان و وتەكانی مەسیحیان باس كردووەو لێكیان داوەتەوە لە كرۆكی ئەو شارستانییەتە ئینسانییەدا بوون كە لە حەوزی دەریای ناوەڕاستدا نەشونمایان  كردووە. ئەم شارستانییەتەش هەر وەكو پێشتر  وتمان بوو بە ناوەندی هەوڵ و عەقڵی مرۆڤایەتی. ئاواش مەسیحییەت لە سنووری ئەم شارستانییەتەدا هاتە ئاراوە، لەگەڵیا تێكەڵ بوو، بەوەیش دەوڵەمەند بوو، بەڵكو گۆڕانی بەسەرداهێناو لەسیماشدا سیمای ئەوی گرت، بەڵام لە بەدبەختی ئیسلامدا ئەوانەی كە لێكیان داوەتەوەو ئیجتیهادیان تیاكردوە لە كرۆكی ئەو شارستانییەتەدا نەبوون، بەڵكو لەپەراوێزیدابوون، بۆیە ئاینی ئیسلام نەچووەتە سنووری ئەم شارستانییەتە مرۆڤایەتییەوە، بەپێچەوانەوە پێی نامۆ بووە و تا ئەم مێژووەش بەدوژمنی داناوە) لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا: ئایا لە بواری عەرەبیەوە ئاماژەیەك دەبینی كە هیوا ببەخشێ؟ ئەی ڕۆڵی تۆ چییە..؟ ڕۆڵی شیعر چییە لەو كردارەدا..؟

دەڵێ: (من شۆڕشگێڕم بەقەدەر ئەوەی كە شاعیرم.. شاعیریش ئەو كەسەیە كە بەڕاستی گۆڕان دروست دەكات، دروستكەرانی مێژوو شاعیرەكانن.. بەو مانایەی كە داهێنەرو دروستكەرن، بۆیە من دەنوارمە هەر بزاڤێكی شۆڕشگێڕی و ڕای لەسەر دەدەم، لەو ڕاستیەوە كە ئایا چەند توانیویەتی لە ڕەگەوە ژیان و فكر بگۆڕێت).

لە باسی شۆڕش و عەرەبدا لەیەكچوونێكی سەیر هەیە لەنێوان (ئەدۆنیس) و (یوسف لخال)دا كە ئەدۆنیس ئەڵێ: هیچ شۆڕشێكی عەرەبی نییە.. هەموو ئەوانەشی كە تا ئێستا ڕوویانداوە، گۆڕانێك بوون لە شێوەی دەسەڵاتدا.

یوسف لخال دەڵێ: بۆیە لە ئەمڕۆدا هیچ شۆڕشێك لە جیهانی عەرەبیدا نییە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ لێرەو لەوێ بیركردنەوەی شۆڕشگێڕی پەخش نەكرابێ..

4.(بلّند لحەیدەری) كە لەچۆنێتیی بەیەكگەیشتن و بەردەوامیی بابەتەكانی دەپرسن، دەڵێ: (جیهان بەلای منەوە بەیەكەوە بەستراو و چڕو تەواوە هەر لە هیچترین شتە بچوكەكانییەوە تا دەگاتە گەورەترین شتە

گەورەکانی. من ئاوا لەگەڵ ژیاندا بەیەك دەگەین، ئەوەی من دەگەیەنێ چەندایەتی نییە، بەڵکو چۆنایەتییە، چونکە کوشتنی کەسێکی بێ تاوان وەکو کوشتنی هەزاران بێ تاوانە لە هێرۆشیمادا، هەردووکیان هیمای یەك شتن)

لەبارەی زەمەنیشەوە دەڵێ: (بەڵام ئەو زەمەنەی کە تایبەتە بە خۆم، نەك زەمەنی چامە و ئەزموونی شیعری، ئەوا من تەسەوری دەکەم و هەستی پێ ناکەم، چونکە بزاڤ لە حاڵەتی ئاوادا جموجۆڵێکی ناوەکییە نەك دەرەکی، بۆیە من تەسەوری ئەو جوڵەیە دەکەم و هەستی پێ ناکەم)

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی: چۆن دەڵێی: سەرچاوەی گەورە بۆ هەر داهێنانێك ئەو دەستانەیە کە دروستی دەکات نەك بابەتی شیعری، لەکاتێکدا تۆ لەسەر ئەو شێوانە دەژێی کە پەنجەکانی ئەوانی تر بۆیان چنیوی..؟

5.(نزار قەبانی) لە کۆتایی وەڵامەکەیدا دێتە سەر ئەدۆنیس و دەڵێ: (من لەوەدا ناگونجێم لەگەڵ ئەدۆنیسدا کە شێوە گۆڕە. شێوە لای من پۆشاکێکە لەبەری دەکەم، یان لەبەری ناکەم.. شەمەندەفەرێکە تیا سەردەکەوم یان نە، ژوورێکە تیا نیشتەجێ دەبم یان نە. بەهای ئەدۆنیسیش لەوەدایە بەویستی ئازادییەکانی هەموو شەمەندەفەرو ژوورەکان تاقیدەکاتەوە، بەڵام ئەدۆنیس هەرگیز لە ڕووتاییدا نیشتەجێ نییە، ئەو تەنانەت لە نووسینەکانی ئەم دواییەشدا لە ژوورێکی زمانەوانیی تازەدا دەژی، ڕەنگە ئەم ژوورە پەنجەرەو سەربانی نەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ماڵی یاسایی ئەدۆنیسە نەك گۆڕی.

شێوە نابێتە گۆڕ تەنها ئەو کاتانە نەبێت کە شاعیرێك بەوە ڕازی دەبێت، تا ئەبەد تیا بژێ. بەڵام کاتێ شێوە دەبێتە مۆتێلێك شاعیر چەند کاتژمێرێك تیا دەحەسێتەوەو پاشان دەڕوا بۆ مۆتێلێکی تر).

که لێی دەپرسێ: (چۆن لە شۆڕش دەگەیت؟)

دەڵێ: (شۆڕش ئەوەیە کە جوگرافیای مرۆڤی عەرەب بە تەواوی بگۆڕین)

6.(بەدەوی جەبەل) لە وەڵامی پرسیاری: (کامیانت لەپێشدا بۆ دێ، سەروا یان ئاخاوتن..)؟

وەڵامی ئەو ئاوایە: (ئاوازو یەکەکانی وشەو خەیاڵ و وێنەش هەموویان لە یەککاتدا دێن، لە یەك دانابڕێن، چونکە نە ئاواز وشەکان دادەهێنێ و نە وشەکان ئاوازەکە دادەهێنن، ئەمە لای من یەکێکن و جیانابنەوەو هیچ کامیان نابنە ئاماژە بۆ ئەوی تر، بەڵکو هەموویان وەکو ئیلهامێك دێن لێکیشنادرێنەوە.)

لێی دەپرسێ: (ئایا ئەو بزاڤە تازەیەی شیعرت خۆشئەوێ..؟)

دەڵێ: (چەندین جار شیعری تازەم خوێندۆتەوە، بەگیانم خۆش نەبووە، زەوقی شیعریم لێی ڕازی نەبووە، ئێستا من نایخوێنمەوە، تەنها شیعری ئەوانە نەبێ کە خۆشم دەوێن وەکو (نازك ئەلمەلائیکە)و (ئەدۆنیس) کە وادەزانم ئەمانە شاعیریەتیان تیایەو شیعری ئەو دوو شاعیرە بە حەسرەت و ئازارەوە دەخوێنمەوە، چونکە هەردووکیان دوو شاعیری جوانن و خۆیان ونکردووە. بەوەش دڵخۆشم کە (نازك ئەلمەلائیکە) گەڕاوەتەوە بۆ وێنە ئەسڵییەکەی خۆی و من و شیعریش خەڵتانی دڵخۆشی دەبین گەر (ئەدۆنیس)یش گەڕابایەتەوە.

7.لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا: (بۆچی واز لە نووسینی شیعر ناهێنی..؟)

(عەبولوەهاب بەیاتی) لە توێی وەڵامێکی دوورو درێژدا دەڵێ: (پاشان نووسینی شیعریش جۆرێکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بێ مانایی و ئاژاوەگێڕی و ئەو بێهوودەییەی کە یاساکانی ژیان شتەکانیشی تەنیوە، دوای ئەوە کاری داهێنانی هونەری هەوڵدانێکی شاعیرە بۆ دۆزینەوەی یاسایەکی تایبەت بۆ ئەم ئاژاوە هەمیشەییەی، کە مرۆڤ لە پەڕینەوەیدا بەرەو پاشەڕۆژ، تیا دەژی.

شیعر لەو وێستگە ئاسمانیانە دەچێ کە مرۆڤ بۆ گەیشتن بەو ئەستێرە دوورو زۆر دوورانە وەکو وێستگەیەك

بەکاریان دێنێ. هەر لەسنووری ئەم چاوپێکەوتنەدا، لەبارەی (نزار قەبانی، مەحمود دەروێش، سەعید عقل وئەدۆنیس) دەڵێ:

(نزار قەبانی): غەزەلەکانی زۆر ڕووکەش و نەزۆك و هیچوپووچن، ئەو لە کوڕی نازداری زابوتێکی تورکی یان کوڕی شێخی قەبیلەیەکی عەرەب دەچێ، کە بۆ خوێندنیان ناردووە بۆ ئەورووپاو گەڕاوەتەوە تا شیعر بنووسێ، ئەو چامانەی دوای حوزەیرانیشی ئەوا جۆرە جنێوێکی سووکن.

(مەحمود دەروێش): یەکێکە لە قوتابییەکانی من، هیچ شتێکی تازە ناگەیەنێ لە شیعری عەرەبیدا، شیعری ئەو شیعری بەرەنگاری نییە، بەڵکو شیعرێکە زۆر لە شیعری شاعیرە گەنجەکانی ئیسرائیلییەکانەوە نزیکە.

(سەعید عەقل): لەدەستپێکردنیەوە تا ئێستا بەهەمان وێنەو وشەوە شیعر دەنووسێ. لوبنانییەکی خورافییە لەپێش یان پاش کار لەکارترازانەوە هات.

(ئەدۆنیس): شتێك دەڵێ و شتێکی تر دەکات، و جیاوازیی نێوان ڕاستییەکانی ناوەوەی و ڕاستییە بینراوەکانی گومانی زۆرم لادروست دەکات.

لە پرسیارێکی تردا لێی دەپرسێ: (بەڵام بۆچی شاعیر سوورە لەسەر ناوهێنانی شکۆو ناوبانگ و دەستی پێوەدەگرێ، کە دەشزانێ ناوبانگ شتێکە ڕەنگە لەو بارودۆخانەوە دروست ببێ کە دوورە لە شیعرەوەو هیچ پەیوەندیشی پێوە نییە. پاشان زۆر شاعیری تر هەیە لە تۆ زیاتر بەناوبانگن، ئایا دەکرێ ئەوانە وەکو شیعر واببینین کە لە پێشی تۆوەن؟

دەڵێ: (جیاوازی هەیە لە نێوان ناوبانگێك و ناوبانگێکی تردا، جیاوازی هەیە لەنێوان ناوبانگی (موتەنەبی) و (نزار قەبانی)دا ناوبانگی یەکەم بەندە بەو بەگژاچوونەوەو ڕووبەڕووبوونەوانە، ئەو بەیەکدا تەقینەوانەی کە لەگەڵ جیهاندا ڕوودەدەن و گوزارشتکردنێکە لەوانەو ئەزموونی دووەم و ناوبانگەکەشی بەندە بەهەندێ شتەوە کە پەیوەندیی نە بە شیعرو نە بە داگیرکردنی جیهانەوە هەیە، هەروەها ناوبانگی (سەماکەر) یێك جیاوازە لە ناوبانگی شاعیرێکی وەکو (نزار قەبانی)، ئەگەرچی جیاوازیی نێوان ئەو دوو ناوبانگە، جیاوازییەکی زۆر گەورەش نییە..

** ( أسئلة الشعر) .. في حركة الخلق وكمال الحداثة وموتها..
المؤسسة العربية للدراسات والنشر. الطبعة الأولى. تشرين الثاني (نوفمبر) 1979
تأليف/ ( منير العكش) ..